

### نوها کرمانج گۆڵپارێزی یانەی ئەفرۆدێت:

# هیوادارین سیاسەت تێکەڵی وەرزش نەکەین

تیپی فوتساڵی یانەی ئافرۆدێت یەکێکە لەو تیپانەی کە ساڵانە چەندین کچە یاریزانی بەتوانا دروست دەکات لەسەر ئاستی شاری سلێمانی و گرنگی تەواو بە یارییەکانی فوتساڵ دەدات بۆ ئەوەی کچانی تیپەکە کێبڕکێ بکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە هەردوو خولی نایابی فوتساڵی کچانی کوردستان و عێراق. نوها کرمانج لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی شاری سلێمانیە و گۆڵپارێزی یانەی وەرزشیی ئەفرۆدێتە و لە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** ئاستی یاری فوتساڵ چۆن دەبینی کە ساڵانە خولتان بۆ دەکرێتەوە؟**

- دەتوانم بڵێم یاری فوتساڵی کچان بەرەوپێشوەچوونی بەخۆیەوە بینیوە، جگە لەم یارییە یارییەکانی تریش لە سەر ئاستی کچان بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتووە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- بێگومان ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتی ساڵانە بۆ یاری فوتساڵ بەتایبەت بۆ کچان دەبێتە هۆی ئەوەی کە یاریزانان هەست بە بێزاری بکەن و هەموو ئەو هەوڵ و مەشقانەی ئەنجامیان داوە بەفیرۆ بڕوات، بەمەش ئەم یارییە ئاستی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و ناگاتە ئاستی راستەقینەی خۆی.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری فوتساڵ ئاستی بەرز ببێتەوە؟**

- بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە دەبێت ساڵانە زیاتر لە خولێك بکرێتەوە، چونکە یارییەکانی فوتساڵ هیچ گرفتێکی نییە لە چاو وەرزشەکانی دیکە، جگە لەمەش گرنگی بە تواناکانی کچە یاریزانانی تەمەن بچووك بدرێت و ئەگەر توانای دارایی باش هەبێت قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ پێشکەوتنی ئاستی کچانی کوردستان.

*** گرفتی یارییەکانی فوتساڵ لە چیدا دەبینی؟**

- هیچ گرفتێك نابینم لەم یارییە و خولەکانی ساڵانە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و جیاوازی نەکردن بەڕێوەدەچێت.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- نەخێر، هیچ یانەیەك داوای لێ نەکردووم، جگە لە یانەی ئەفرۆدێت نەبێت.

*** بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

- لە ئێستادا تەنیا ئامانجم ئەوەیە زیاتر پەرە بە ئاستی خۆم بدەم، بە یارمەتی راهێنەرەکەم مامۆستا عەباس فەرەج هەوڵی زیاتر دەدەم بۆ بەدەستهێنانی نازناوی تر لە داهاتوودا کە هەموو کات یارمەتیدەرێکی باشی کچە یاریزانانی یانەی ئەفرۆدێتە.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نیم یانەکان پشت بە یاریزانانی بیانی ببەستن، چونکە ئەو گرێبەستەی یانەیەك لەگەڵ یاریزانی بیانی ئەنجامی دەدات، دەتوانێت لەگەڵ یاریزانی شارەکەی خۆی ئەنجامی بدات و سوودی زیاتر لە تواناکانیان ببینێ و ئاستێکی باشتریش پێشکەش دەکەن بۆ شارەکەیان و یانەکەیان.

*** لە خێزانەکەت بەتەنیا تۆ وەرزشوانی، یان کەسانی تریش هەن؟**

-ئێمە خێزانێکی وەرزشوانین و وەرزشمان خۆش دەوێ، جگە لەمن براگەورەکەشم وەرزشوانە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

- داوکارم لەلایەنی بەرپرس هیچ جیاوازییەك نەکەن لە نێوان یاریزانانی کوڕ و کچ، چۆن گرنگی بە یاریزانانی کوڕ دەدەن، بە هەمان شێوەش گرنگی بە کچانی وەرزشکاریش بدەن، چونکە ئێمەش وەکو ئەوان مەشق دەکەین و ماندوو دەبین و توانیومانە ئەنجامێکی باش بەدەست بێنین لەسەر ئاستی خولی فوتساڵی کچانی کوردستان، هیوادارین سیاسەت تێکەڵی وەرزش نەکەین و یاریزانان باجی سیاسەت نەدات.

*** چۆن بوو پێوەندیت بە یانەی ئەفرۆدێت کرد؟**

-من لە رێگەی خولی فوتساڵی قوتابخانەکان چوومە ریزی یانەی ئەفرۆدێت ئەویش لە رێگەی راهێنەرەکەمان مامۆستا عەباس کە بەهرەی منی دۆزییەوە و ئاسوودەشم لەم یانەیە.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزان چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە کە رۆژێك لە کوردستان بەشداری پاڵەوانێتییەك بکەین بە سەربەخۆیی نەك بە ناوی هەڵبژاردەی عێراق.

***لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

-نەخێر، داوانەکراوم چونکە ماوەی هاتنە نێو ژیانی وەرزشیم کەمە، بەڵام هیواخوازم لە داهاتوودا بە شایستەیی و بە ئاستی خۆم بگەمە ریزی هەڵبژاردەی عێراق.

*** هیواو ئاواتت لەم یارییە چییە؟**

- ئاواتم ئەوەیە لەم یارییە رۆژێك بتوانم ببمە باشترین گۆڵپارێز لەسەر ئاستی کچانی کوردستان و عێراق.

***بە کام یاریزانی جیهانی و ناوخۆ سەرسامیت؟**

- لە ئاستی کوڕان بە رۆنالدۆی پورتوگالی و لە کچانیش بە گۆڵپارێزی ئەمریکی سۆلۆ بە هیوای ئەوەم بگەمە ئاستی ئەو.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- لێرەوە بە پێویستی دەزانم سوپاسی خیزانەکەم و یاریزانەکانی هاوڕێم و راهێنەرەکەم بکەم کە ئەوان بەردەوام هانم دەدەن بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستم، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست بۆ بەسەرکردنەوەی سەرجەم یاریزانان بەبێ جیاوازی.





## جامی رۆمانیا دەکرێتە دیاری بۆ پاتریک ئیکنج



## ئەمڕۆ پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە ئاشکرا دەبێت

رۆی هۆدسۆنی راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرە ئەمڕۆ پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی بۆ بەشداریکردن لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ٢٠١٦ ئاشکرا دەکات.

دوێنێ یارییەکانی خولی نایابی ئینگلتەرە کۆتایی هات و یانەی لیستەر سیتی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆی بووە پاڵەوانی خولەکە.

وا بڕیار بوو هۆدسۆن پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی لە رۆژی پێنجشەممەی رابردوو ئاشکرا بکات، بەڵام بڕیاری دواخستنی دا بۆ ئەمڕۆ دووشەممە.

بەهۆی پێکانەوە رەنگە کاپتنی یانەی لیڤەرپوول جۆردان هەندرسۆن و یاریزانی یانەی ئەرسناڵ جاك ویلشایر بەشداری لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپا نەبن.

جێگەی باسە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ٢٠١٦ لەگەڵ هەریەك لە هەڵبژاردەکانی وێلز و سلۆڤاکیا و رووسیا یاری دەکات، و بۆ خۆئامادەکردن بۆ یۆرۆی ٢٠١٦ هەڵبژاردەی ئینگلتەرە سێ یاری دۆستانە لەگەڵ هەڵبژاردەکانی تورکیا و ئوستراڵیا و پورتوگال ئەنجام دەدات.

هەفتـەی رابـردوو لە کاتـی بەڕێوەچوونی یارییەکی خولی رۆمانی، یاریزانـی یانـەی دینامـۆ بۆخارست رۆمانـی پاتریـك ئیکنـگ-ی کامیرۆنی تەمەن ٢٦ سـاڵ بەهۆی جەڵتەی دڵ لە نێو یاریگا کەوتە سەر زەوی دوای هەوڵدانێکی زۆر یاریزانەکە کۆچی دوایی کرد.

بەڕێوەبـەری وەرزشـی یانـەی دینامـۆ بۆخارسـت-ی رۆمانـی لـە لێدوانێکیـدا بـۆ رۆژنامەکانـی رۆمانیـا گوتـی: یانەکان بڕیـاری داوە یادی کۆچی دوایی کردی پاتریك ئیکنگ بکاتەوە ئەوەیش بە ناردنی قەڵغانی جامی رۆمانیا بۆ خانەوادەی یاریزانەکە لە کامیرۆن.

وا بڕیـارە لـە رۆژی ١٧ی ئەم مانگە یاری کۆتایی جامی رۆمانیا لـە نێـوان هەردوو یانەی دینامۆ بۆخارسـت و کلـۆج ئەنجام بدرێت، کە بەهۆی کۆچی دوایی کردنی ئەم یاریزانە یارییەکە دواخرا.

لـە درێـژەی قسـەکانیدا بەڕێوەبـەری وەرزشـی دینامـۆ بۆخارسـت گوتـی: ئەگـەر نازناوەکەمان بە دەسـتهێنا ئەوە ئەم کارە ئەنجام دەدین و ئەگەر یانەی کلوج یارییەکەی بردەوە، ئەو بەفەرمی ئەم پێشـنیارە ئاراسـتەی یانەی کلوج دەکەین، کە هەمان شت ئەنجام بدەن و قەڵغانی جامـی رۆمانیـا بکەنـە دیـاری بـۆ خانـەوادەی یاریزانی کۆچکردوو.

لە کۆتایی قسـەکانیدا بەڕێوەبەری وەرزشـی یانـەی دینامۆ بۆخارسـت گوتـی: بیرۆکەی زۆرمـان هەیـە، کـە تیاییـدا یەکێـك لـە پەیژەکانـی یاریـگای دینامـۆ بۆخارسـت بەناوی یاریزان پاتریك ئیکنگ دەبێت.




# یانەی مانچستەر یۆنایتد چاوی لە بەرگریکاری ریال مەدریدە

رۆژنامەکانی ئینگلتەرە باس لەوە دەکەن، کە دەسـتەی کارگێڕی یانەی مانچستەر یۆنایتد بری ٢٥ ملیۆن جنیە ئەسترلینی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی گفتوگـۆ لەگـەڵ یانەی ریال مەدرید بکات بەمەبەسـتی فرۆشتنی یاریزانی هێڵی بەرگری فەرەنسی رافائێل ڤاران.

یاریزان رافائێل ڤاران لەم وەرزدا بووە یاریزانی یەدەگی سـێیەم پاش هەردوو یاریزان سێرجیۆ رامۆس و پیپی.

بەپێـی راپۆرتەکانـی رۆژنامەکانـی ئینگلیـزی گرێبەستەکەی ڤـاران لەگەڵ یانەی مانچستەر یۆنایتد بۆ ماوەی ٥ وەرز دەبێت.

بـە پێـی هەواڵـەکان رەنگە لـە وەرزی داهاتوو راهێنەر مۆرینهـۆ ببێتە راهێنەری یانەی مانچسـتەر یۆنایتـد بۆیـە بایـەخ پێدانـی یانـەی شـەیتانە سوورەکان بـە یاریـزان ڤـاران بە راسپاردەی مۆرینهۆی راهێنەر بووە.

جێگەی باسە رافائێل ڤاران تەمەن ٢٣ ساڵ لە وەرزی رابردوو ٤٦ یاری ئەنجامدا، بەڵام لەم وەرزە بەشێوەیەکی سەیر ژمارەی یارییەکان کەم کرایەوە.




# چەندین یانەی گەورە چاویان لەسەر شێرکۆ کەریمە

دوای ئەوەی شێرکۆ کەریم کوڕە کوردی شاری کەرکووك توانی ببێتە باشترین یاریزانی خولێکی جیهانی کە لە پاڵەوانێتی ویندر ستاری جیهانی بۆ یاریزانانی تەمەن ٢١ساڵ ئەنجام درابوو، شێرکۆی یاریزانی یانەی گراسپۆبرزی سویسری لە یاری کۆتاییدا لەبەرامبەر یانەی وێست هان یونایتدی ئینگلیزی ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و گۆڵی سەرکەوتنی تۆمار کرد و وەك باشترین یاریزانی خولەکە دەستنیشان کرا. ئەمەش دەرگای بۆ ئەم یاریزانە کردەوە کەوا بەرەو یانەی گەورەتر هەنگاو بنێت.

لەم بارەشەوە شێرکۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من لەم پاڵەوانێتییە توانیم بە ئاستی شایستە و بە توانای خۆم ئەوە بسەلمێنم کە ئێستا یەکێکم لە باشترین یاریزانانی یانەکەم، چونکە سەرەتا بەرپرسانی یانەکە وەکو پێویست لەم پاڵەوانێتیە یارییان بە من نەدەکرد، ئەوان زیاتر حەزیان دەکرد گەنجانی خۆیان بە دیار بکەون، بەڵام دواتر بە ئاستی خۆم ئەوەم سەلماند کە شایستەی باشترین یاریزانی خولەکەم، جگە لەوەش ئێستا چەندین یانەی گەورە چاوی لەسەر تواناکانی منە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا یارییان بۆ بکەم، بەڵام یانەکەمان بە ئێمە ناڵێن تاکو گرێبەستەکان یەکلایی نەبێتەوە.» لەبارەی هەستی خۆیشی گوتی: « هەستێکی خۆشم بۆ دروست بووە لە دەستنیشانکردنم بە باشترین یاریزانی ئەم پاڵەوانێتییە ئەوەش هانم دەدات بۆ ئەوەی ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنم.» لە بارەی هەڵبژاردەی کوردستانیش ناوبراو گوتی: «تاکوئێستا بە فەرمی هیچم پێ نەگوتراوە، حەزیش دەکەم خزمەتی هەڵبژاردەی وڵاتەکەم بکەم.»



# مەزن محەمەد
# گەڕایەوە یانەی ئافرەتانی هەولێر

دوای ئەوەی لە دوای کۆتاییهاتنی خولی فوتسالی کچانی یانەکانی کوردستان، مەزن محەمەد ڕاهێنەری تیپی فوتسالی یانەی ئافرەتانی هەولێر و یاریدەدەری هەڵبژاردەی تۆپی پێی کچانی عێراق دوای چەندین ساڵ لە بەردەوامی لە کاری ڕاهێنەرایەتی لە یانەکە دەستی لە مەشقی تیپی فوتسالی یانەکە کێشایەوە، دوای هەوڵدانێکی زۆر لەلایەن یانەی ئافرەتانی هەولێر جارێکی دیکە مەزن گەڕایەوە یانەی ئافرەتانی هەولێر، بەڵام ئەمجارە بە کارێکی دیکە، لە بارەی گەڕانەوەشی بۆ یانە کۆنەکەی مەزن محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای ئەوەی من دەستم لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەکە کێشایەوە بۆ ماوەیەك پشووم دا و سەرقاڵی کاری ڕاهێنەرایەتی بووم لەگەڵ هەڵبژاردەی کچانی عێراق، بۆیە سەرۆك و کارگێڕانی یانەی ئافرەتانی هەولێر زۆر داوایان لێم کرد وەکو ڕاهێنەر بگەڕێمەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی من نەمتوانی ئەو کار بکەم، داوایان کرد وەکو سەرپەرشتیار لەگەڵیان کاربکەم، ئەوە کارەشم پەسند کرد و ئێستا هەوڵ دەدەین تیپێکی بەهێز دروست بکەین بۆ یانەکە.

# دارەوان قادر حەز بە خزمەتکردنی
# یانەی کەرکووک دەکات

دوای ئەوەی ئەم وەرزە یانەی کەرکووك بە خێرایی تیپێکی دروست کرد بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و تاکە ئامانجیشی لە خولەکە تەنیا مانەوە بوو لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، توانراش ئاواتەکەیان بەدی بهێنن بە مانەوەیان لە خولەکە، بەڵام دارەوان قادر کە ماندووبوون و هیلاکی زۆری بینی لە مانەوەی تیپەکە لە خولە گەورەکەی کوردستان ئێستا خۆیشی گرێبەستی لەگەڵ یانەکە بەکۆتایی هاتووە، لەبارەی مانەوە لە یانەکە دارەوان قادر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من وەکو خۆم هەموو کاتێك ئامادەم بۆ خزمەتکردنی یانەی کەرکووك و هیچ گرفتێکم لەگەڵ یانەکە نەبووە، چونکە هەموو کات خۆم بە کوڕی یانەی کەرکووك زانیوە، بەڵام گرێبەستم تاکو کۆتایی خولی کوردستان بوو لەگەڵ یانەکە و ئەوەی ئەوان داوایان لە من کرد، بەم هەموو بارودۆخە ناهەموارەوە توانیم تیپەکە لە خولی کوردستان بهێڵمەوە، تاکو ئێستا بۆ وەرزی نوێ خولی کوردستان لەگەڵیان دانەنیشتووم بۆ ئەوەی بزانین ئامانجی ئەوان چییە لە وەرزی نوێی خولەکە، چونکە ماوەیەکی کەمە خولی کوردستان بە کۆتایی هاتووە، کەی ئەوان دەستیان بە گفتوگۆ کرد، من ئامادەم بۆ خزمەتکردنی وەرزشیی یانەی کەرکووك و شارەکە.